# ووتم بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-: ئایا لە سورەتی -الحج-دا دوو سوجدەبردن هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەوەی ئەو سوجدانە نەبات؛ با نەیانخوێنێتەوە

لە عوقبەی کوڕی عامرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-: ئایا لە سورەتی -الحج- دا دوو سوجدەبردن* هەیە؟ فەرمووی: «بەڵێ، ئەوەی ئەو سوجدانە نەبات؛ با نەیانخوێنێتەوە». *(مەبەست سوجدەی تیلاوەیە؛ ئەو سوجدەیەی لە پاش خوێندنی هەندێک ئایەت دەبرێت
[صەحیحە] [ئیبنوداود گێراویەتیەوە]

لە فەرموودەیەدا هاتووە: عوقبەی کوڕی عامر -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیار لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات سەبارەت بە -سورەتی الحج-، ئایا دوو سوجدەبردنی* تێدایە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەڵامی دایەوە: بەڵێ، دوو سوجدەی تێدایە. پاشان حوکمێکی تری پێی ووت: (ئەوەی ئەو سوجدانە نەبات؛ با نەیانخوێنێتەوە): واتا هەرکەسێک ئەم دوو ئایەتە بخوێنێتەوە، وسوجدە نەبات؛ باشتر وایە نەیانخوێنێتەوە، ئەم نەهی کردنە بۆ حەرامکردن نییە بەڵکو مەکروهیەتە، وسوجدەی تیلاوە سونەتە. *(مەبەست سوجدەی تیلاوەیە؛ ئەو سوجدەیەی لە پاش خوێندنی هەندێک ئایەت دەبرێت)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11241

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee